# چەقبەستنی پەیوەندییە سیاسییەکانی دیمەشق و کورد: ستراتیژی چاوەڕوانی و ئەنجامەکانی گۆڕانکاری

27-08-2025

**نووسەرەکان**

شڤان ئیبراهیم

**کورتە** : لەدوای کۆنفرانسی یەکڕیزیی و یەکهەڵوێستیی کورد لە قامشلۆ و دروستکردنی شاندی یەکگرتووی کورد، پەیوەندی نێوان دیمەشق و قامیشلۆ لەلایەک و پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکان لە هەرێمەکەی کوردی سووریا چووەتە ناو قۆناخی چەقبەستوویەکی سیاسیی ئاشکراوە. ئەم چەقبەستنە پرسیارێکی بنەڕەتی دەورووژێنێت: ئایا ئەمە بژاردەیەکی ستراتیژی بەهەند وەرگیراوە لەلایەن هەردوولا وە، یان ئەنجامی شکستی دانوستان و لەدەستدانی ئیرادەی هاوبەشە بۆ گەیشتن بە جۆرێک لە لێکتێگەیشتن؟ ئەمەش لەکاتێکدایە چاوەڕوان دەکرێت داڕشتنی دەستوور پانتایی سەرەکیی گفتۆگۆکان داگیر بکات و ڕۆڵی سەرەکی لە داڕشتن و یەکلاییکردنەوەی کۆمەڵێک پرسدا بگێڕێت، لەوانە: دیاریکردنی ئاستی لامەرکەزییەت ، ڕۆڵی ئیدارە ناوچەییەکان ، و مسۆگەرکردنی نەگەڕانەوەی سووریا بۆ ستەمکاریی ناوەندگەرایی یان دابەشبوون بە سەر قەوارەی تەریب کە هەڕەشە لە یەکێتیی دەوڵەت بکات.

لەدوای کۆنفرانسی یەکرێزی و یەکهەڵوێستیی کورد لە قامشلۆ و دروستکردنی شاندی یەکگرتووی کورد، پەیوەندی نێوان دیمەشق و قامیشلۆ لەلایەک و  پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکان لە هەرێمەکەی کوردی سووریا چووەتە ناو قۆناخی چەقبەستووییەکی سیاسیی ئاشکراوە. ئەم چەقبەستنە پرسیارێکی بنەڕەتی دەورووژێنێت: ئایا ئەمە بژاردەیەکی ستراتیژی بەهەند وەرگیراوە لەلایەن هەردوولا وە، یان ئەنجامی شکستی دانوستان و لەدەستدانی ئیرادەی هاوبەشە بۆ گەیشتن بە جۆرێک لە لێکتێگەیشتن؟ ئەمەش لەکاتێکدایە چاوەڕوان دەکرێت دارشتنی دەستوور پانتایی سەرەکیی گفتوگۆکان داگیر بکات و رۆڵی سەرەکی لە داڕشتن و یەکلایکردنەوەی کۆمەڵێک پرسدا بگێڕێت، لەوانە: دیاریکردنی ئاستی لامەرکەزییەت ، رۆڵی ئیدارە ناوچەییەکان ، و مسۆگەرکردنی نەگەڕانەوەی سووریا بۆ ستەمکاریی ناوەندگەرایی یان دابەشبوون بە سەر قەوارەی تەریب کە هەڕەشە لە یەکێتیی دەوڵەت بکات.

## رێگرەکانی بەردەم پێشکەوتنی گفتوگۆکان و گەیشتن بە چارەسەر

دیمەشق لە سۆنگەی رەهەندی ئەمنی و سیاسییەوە کار دەکات، کە دیارترینیان رەتکردنەوەی هەموو جۆرێکی لامەرکەزییە و، هەروەها هەموو هەوڵێکی پێناسەکردنەوەی شێوەی دەوڵەت یان سنووردارکردنی حکومڕانی ناوەندگەرایی رەت دەکاتەوە. لە بەرامبەردا شاندی کورد هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی سیاسی، کارگێڕی، ئابووری، پاراستنی دەستکەوتەکانی لامەرکەزیبوون ،و رۆڵی خۆی لە بەڕێوەبردنی ناوچەکە دەدات.

جیاوازی هەڵوێستەکانی هەردوو لایەن، لەکاتی سەردانی شاندی رێڤەبەریی خۆسەر بۆ دیمەشق لە مانگی حوزەیرانی 2025، بۆ ئەنجامدانی دانوستانی سیاسی و ئەمنی، روون بووەوە، لەکاتێکدا کە ئامانجی سەردانەکە یەکخستنی دامەزراوە سەربازی و مەدەنییەکان بوو لە دامەزراوەکانی دەوڵەتە نوێیەکەدا.

دەکرێت بەربەستەکانی بەردەم گفتوگۆ لە نێوان هەردوو لایەندا لە پێنج بابەتی سەرەکیدا کورت بکرێنەوە، کە حکومەتی دیمەشق پێیوایە هەندێک لەو خاڵانە هێڵی سوورن و ناکرێت دەستیان بۆ ببردرێت؛ لە بەرامبەردا لایەنی کورد ترسی لە دووبارە بێبەشکردنەوە لە هاوبەشی لە سامان و دەسەڵات و، بڕیاردان لە سووریا بە هەموو بەشەکانیەوە هەیە. خاڵەکانیش بریتین لە:

١- **ناکۆکیی بنەڕەتیی نێوان هەردوو لایەن لەسەر وێناکردنی سروشتی پرسی کورد-ە** وەک پرسێکی سیاسی کە پێویستی بە چارەسەری سیاسییە کە بزووتنەوەی کورد پاڵپشتی و تەبەنی ئەم بۆچوونە دەکات. لەکاتێکدا دەسەڵات لە دیمەشق هێشتا پرسەکە لە چوارچێوەی ئەمنیدا کورت دەکاتەوە و، چارەسەری ئەم پرسە لە جێبەجێکردنی رێککەوتنەکەی نێوان دەوڵەت لەگەڵ مەزلوم عەبدی، فەرماندەی هەسەدە، لەگەڵ جێبەجێکردنی تێکەڵکردنی هێزە سەربازییەکان لە ناو سوپای سووریا دا دەبینێت. ئەوەتا لەگەڵ پێداگریی کورد لەسەر لامەرکەزی و، جێبەجێکردنی دیموکراسی، وەک روانگەیەکی جێگرەوە بۆ شێوەی ئێستای دەوڵەتی سووریا، دەسەڵاتی سووریا پێداگری لەسەر رەتکردنەوەی قسەکردن لەسەر هەر شێوازێک لە شێوازەکانی لامەرکەزیی سیاسی دەکات و، تەنیا باسی لامەرکەزیی ئیداری دەکات.

٢- **پێکهاتە و بونیادی جیاوازی بنەڕەتی هەردوو لایەن**: هەسەدە لەسەر بنەمای مارکسی -سۆسیالیستی بونیاد نراوە و، حیزبە کوردەکانیش لەسەر بنەمای دیموکراسی و فرەیی دامەزراون. لە کاتێکدا "دەستەی تەحریری شام" کە شادەماری بونیادی بلۆکی حوکمڕانیی ئێستایە، سەرەڕای هەڵوەشاندنەوەی "دەستەکە"، کە لەسەر بنەمای باوەڕ وعەقیدەی جیهادی پێک هاتبوو .

٣- **ململانێ لەسەر سەرچاوە ئابوورییەکان**: وەک کێڵگەکانی نەوت و گاز، بەرهەمە ستراتیژیەکانی گەنم و لۆکە، جوولەی فڕۆکەخانەکان و دەروازە سنوورییەکان، و هەروەها ئەو ئابوورییانەی لە کاتی شەڕدا دروست بوون. دەسەڵات وەک ئامرازی سەرەکی بۆ بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی ئابووری و گەشەپێدانی دۆخی کارەساتباری ژیان لەم سەرچاوانە دەڕوانێت، لەکاتێکدا کورد پێداگری لە پێویستیی سەرپەرشتیکردنی خۆیان بۆ دۆخی ئابووری لە ناوچەکانیاندا دەکەن ئەمەش بۆ دڵنیابوون لە دووبارە نەبوونەوەی پەراوێزخستنیان لە پرۆژەکانی گەشەپێدان و، تۆڕەکانی دەستەبەریی کۆمەڵایەتی.

٤- **کێبڕکێ لەسەر کۆنترۆڵی بارودۆخی ئەمنی و ئیداری**: دەسەڵات لە دیمەشق هەوڵ دەدات بە تەواوی کۆنترۆڵی باکووری رۆژهەڵاتی وڵات بکات، بە ناوچە کوردیەکانیشەوە و، دەڵێت مافی خۆبەتی پۆستە ئەمنی و کارگێڕییەکان دەستنیشان بکات. لەکاتێکدا نەبوونی نوێنەرایەتیی کورد لەو وەزارەتانەدا، مانای نەبوونیانە لە بونیادنانی ناسنامەی سووریای یەکگرتوودا چونکە ناسنامەی ئەمنی و عەقیدەیی دەوڵەت و لقە ئەمنی و سەربازییەکانی لەڕێگەی ناسنامەی پێکهێنەرەکانی ئەم دوو وەزارەتەوە دیاری دەکرێن.

٥- **ململانێی نێودەوڵەتی - هەرێمی**: هەریەک لە تورکیا و، وڵاتانی عەرەبی لەکێبڕکێدان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی ئێران بەجێی

هێشتووە، ئەمە جگە لە شەڕی ساردی نێوان رووسیا و ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپاییش لەناوچەکە بۆ داڕشتنەوەی دیمەنی سیاسی و ئیداری و بەڕێوەبردنی جۆراوجۆری لە سووریادا، چ لەسەر سەرچاوەکان یان رێگەکانی گواستنەوەی وزە، یان چۆنیەتیی پێکهێنانەوەی دەوڵەتی سووریا و بەشداریی پێکهاتەکان لەناویاندا کورد.

## دۆخی ئێستای پەیوەندییەکان

١- پاڵنەر و حیساباتی دیمەشق بەرامبەر بە پرسی کورد لە سووریا

دیمەشق لە سۆنگەیەکی ستراتیژی ئاڵۆزەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورد دەڕوانێت، هەربۆیە حکومەتی سووریاش وەک هەڕەشە لە گەڕاندنەوەی کۆنترۆڵی ناوەندگەرایی بەسەر دەوڵەتدا لە داخوازییەکانی کورد دەڕوانێت، بەتایبەتی کە ناوچەی کوردان، ناوەندێکی جوگرافیایی و ئابووریی گرینگە. بۆیە دیمەشق هەوڵ دەدات هەموو سیماکانی حوکمڕانیی خۆجێیی، یان لامەرکەزی کە بەپێی بۆچوونی ئەو یەکێتیی دەوڵەت لاواز دەکات و، سنوور بۆ دەسەڵاتی ناوەند دادەنێت، هەڵوەشێنێتەوە و، پێداگرە لە هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات. کە لایەنی کورد-یش لە لای خۆیانەوە، بیرۆکەکە لە بنەڕەتەوە رەت دەکەنەوە و، جەخت لەسەر چوونیان بۆ ناو سووپا بە یەکپارچەیی دەکەن. هەربۆیە دیمەشق کۆنترۆڵکردنی سنوور و دەروازەکان و فڕۆکەخانەکان وەک ئامرازێکی ستراتیژی ئەمنی بۆ کۆنترۆڵکردنی جوولەی وڵات دەبینێت.

٢- ئامانج و ترسەکانی ئەکتەرە کوردەکان (سیاسی و سەربازی)

هێزە کوردیەکان هەوڵی بەدەستهێنانی دانپێدانانی سیاسی و ئیداریی ئاشکرا بە رۆڵیان لە بەڕێوەبردنی ناوچەکەیان دەدەن و، پێیانوایە دیموکراسیی هاوبەشی و لامەرکەزی سیاسەتێکی پێویستە بۆ جێگیرکردنی سەقامگیری ناوخۆیی و تێپەڕاندنی ساڵانێ لە ململانێ کە زیانیان بە کۆمەڵگەی کورد گەیاندووە. لە ئاستی سەربازیشدا، هەسەدە هەوڵ دەدات سەربەخۆیی هێزەکانی بپارێزێت لە چوارچێوەیەکدا کە ئاسایشی ناوچەکە لە هەر هەڕەشەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی دەپارێزێت. لەبەرامبەردا هێزێکی سەربازی کوردی سووریایی رێکخراو و راهێنراو هەیە، ئەوانیش هێزەکانی پێشمەرگەی رۆژئاوان لە هەرێمی کوردستان و، مافی خۆیانە بۆ ناوچە سەرەکییەکانی خۆیان بگەڕێنەوە و، لە بەرگریکردن لە ناوچەکانی کورد دا بەشداری بکەن. بەهۆی ئەوەی "هەسەدە" رەتی دەکاتەوە لە سەر ئاستی تاک ئەندامەکانی بچنە ناو سوپای سووریا، مافی پێشمەرگەشە پێکهاتە و دۆخی تایبەتی خۆی بپارێزێت و، ژمارە و چەکی جۆریی بەردەستی خۆی بپارێزێت.

## هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر بە دۆزی کورد

چارەسەرەکان تەنیا لە دینامیکە ناوخۆییەکاندا قەتیس نەبوون، بگرە ئاڵۆزیی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکانیش کۆنترۆڵی جۆری چارەسەرەکانی داهاتووی سووریا و پەیوەندیان لەگەڵ کورد دا دەکەن، بە تایبەت لەکاتێکدا هەر یەکێکیان تەنیا بە دوای بەرژەوەندی خۆیەوەیەتی.

رووسیا هەوڵ دەدات فشار بخاتە سەر ئەمەریکا و سووریا بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی لەبەر چاو بگرن، هەر بۆیە پێشتر وەزیری دەرەوەیان رایگەیاند کە پێویستە رێگە بە بەشداریی تەواوی پێکهاتە ئاینی و ئیتنییەکان بدرێت و، کورد وەک بەشێکی کۆمەڵگەی سووریا نوێنەرایەتی بکرێت.

دوای رووخانی ئەسەد، تورکیا سیاسەتێکی چالاکی لە باکووری سووریا پیادە کرد، گرنگیدایە کەمکردنەوەی هەژموونی هەسەدە و، بەهێزکردنی ئامادەبوونی سەربازی و سیاسیی خۆی. لەم پێناوەدا تورکیا هێرشی بەرفراوانی دژی هەسەدە راگەیاند، لەوانەش شەڕی مەنبج لە کانوونی یەکەمی 2024.

تورکیا لە هەموو جۆرە پەلهاویشتنێکی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا دەترسێت و، پێیوایە سەرکەوتنی پەیوەندییەکانی تەل ئەڤیڤ و سوەیدا دەبێتە هۆکاری جۆرێک لە رێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ کوردیشدا کە ئەمەش لەروانگەی ئەوانەوە مەترسییەکی ستراتیژییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا. هەروەها ئیسرائیلیش پەلهاویشتنی تورکیا وەک مەترسی لە سەر خۆی دەبینێت، کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی شتێکی هاوشێوەی قوبرسی باکوور لە سووریا دا. ئیسرائیل نایەوێت تورکیا لە سنوورەکانی نزیک ببێتەوە تا ئەزموونی ئێران دووبارە نەکاتەوە و هەڕەشەی نوێ بۆ بوونی دروست نەکات، بەتایبەتی لەسەر جوولەی بەندەرەکان و بازرگانی. بۆیە هەر لایەنێک دیدگە و رۆڵی خۆی لە سووریا دا هەیە. ئەنقەرە و تەل ئەڤیڤ لە ویستی بینینی سووریایەکی لاواز هاوبەشن، بەڵام یەکەمیان دەیەوێت ناوەندگەرا

بێت، دووەمیان دەیەوێت لامەرکەزی بێت.

ڕۆڵی ئەمریکا و ئەورووپا لەرووی زامنکردنی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی لە سووریا و دەستپێکردنی پرۆسەی بونیادنانەوەی ئابووری و دادپەروەری راگوزەردا هاوشێوەن، بەڵام کێشەکە لە نێوانیاندا ئەوەیە کە واشنتۆن هەوڵی ئاشتکردنەوەی ئەنقەرە و تەل ئەڤیڤدا دەدات، لەکاتێکدا ئەورووپا هەست بە کێشەی ڕێککەوتنی کورد و دیمەشق دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا هەڵوێستی هەردوو لایەن لەرووی سەپاندنی سیستەمی حوکمڕانی و شێوەی دەوڵەتی نوێدا کە هەموو پێکهاتەکان بپارێزێت لە ئارادایە.

هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی ناوچەیی و نێودەڵەتی هەوڵی زۆر بۆ پاراستنی کورد لە سووریا دەدات و، هەوڵ بۆ پێکهێنانی دیدێکی یەکگرتوو و شاندێکی یەکگرتوو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی نوێی سووریا دا دەدات. ڕێککەوتنی کورد لە نێو خۆیاندا لەسەر شێوەی دەوڵەت و پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی نوێی سووریا و، کێشەی شەڕڤانانی "پێشمەرگە"ی سووریا کە سەر بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردن، بە گرنگ دەزانێت.

**خشتەیەکی چڕی هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر کێشەی کورد لە سووریا**

| ئەکتەری کاریگەر | ڕۆڵی سەرەکی | ڕۆڵی لە کێشەی کورددا |
|---|---|---|
| واشنتن | پشتگیریی سەربازی و دبلۆماسیانەی هەسەدە، ناوبژیوانی لە ڕێککەوتن لەگەڵ دیمەشق | هەڵوێستی ناجێگیر، پرۆژەی سیاسیی روون نییە. |
| **مۆسکۆ** | پێشتر پشتگیری ئەسەدی کرد. ئێستا چاوی لە پاراستنی بەرژەوەندی و بنکەکانییەتی لە تەرتووس و قامیشلۆ | وەک ناوبژی لەنێوان ئەسەد و ڕێڤەبەریی خۆسەر کاری کرد، پێشتر سەرکەوتوو نەبوو. ئێستا پەیوەندی لەگەڵ شەرع لە هەموو شێوەکانی لێکتێگەیشتن لەگەڵ کوردی بەلاوە پەسەندترە |
| **ئەنقەرە** | ئەکتەرێکی یەکلاکەرەوەیە لە دروستکردنی هەر چارەسەرێک لە سووریا | بەرەنگاربوونەوەی هەر بەرفراوانبوونێکی هەسەدە. نارەحەتە لە هەر لامەرکەزییەک کە تیایدا کورد ئەکتەری سەرەکی بن، لە حاڵەتی مانەوەی هەسەدە بەم شێوەی ئێستای |
| **هەولێر** | پاراستنی کوردەکان لە هەر پەلامارێک. گێرانی ڕۆڵی ناوبژیوان لەنێوان تورکیا و هەسەدە، هاندانی پرۆسەی ئاشتی لەنێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و تورکیا | پشتگیری هەر پرۆژەیەکی سیاسی کە کورد لەسەری ڕێکبکەون و، ناسنامە و تایبەتمەندی و بوونی سیاسی و دەستووریی کورد لە سووریا بپارێزێت |

# کۆتایی

داهاتووی پەیوەندی نێوان کورد وحکومەتە نوێیەکەی سووریا، بە هەڵوێستی لایەنە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و، پتەویی ڕێکخستنی ناوماڵی کورد لەڕووی سەربازییەوە و هەبوونی دیدگەیەکی سیاسیی ڕوون بەستراوەتەوە چونکە پشتگیریی نێودەوڵەتی و هەرێمیی بەهێز دەتوانێت ئاسۆی چارەسەرێکی سیاسیی گشتگیر بکاتەوە کە مافەکانی کورد دابین بکات و سەقامگیریی نیشتیمانی بەهێز بکات لەکاتێکدا بەردەوامبوونی چەقبەستوویی و شەڕە سنووردارەکان، گرژییەکان زیاد دەکات و دەرفەتەکانی چارەسەر ئاڵۆز دەکات، لە سایەی قۆستنەوەی ململانێیەکە لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان. بۆیە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنی پاڵپشتکراو بە فشاری نێودەوڵەتی کلیلی سەرەکیی دوورکەوتنەوەیە لە توندوتیژی و بونیادنانی داهاتوویەک کە پێکەوەژیان و گەشەسەندن تێیدا زاڵ بێت کە ئەمەش بەرەو سێ سیناریۆی دیاریکراومان دەبات:

**سیناریۆی یەکەم**: ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی بۆ خێراکردنی دانوستانن و چارەسەری کێشەی کورد. مەرجی ئەمەش هەبوونی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ویستی عەرەبە بۆ چارەسەرێکی سیاسیی گشتگیر بۆ سووریا کە هەموو لایەنەکان لەخۆ بگرێت و پرسی کورد ئاوێتەی چوارچێوەی نیشتمانی بکات، لەگەڵ هەبوونی تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی.

ئەم سیناریۆیە دەبێتە هۆکار بۆ لێکەوتەی دیاریکراو:

کورد جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی یان لامەرکەزی بەدەست دەهێنێت بە پاڵپشتیی دڵنیایی نێودەوڵەتی و هەرێمی، لەگەڵ داڕستنی ماددە گەلێکی دەستووری بۆ زامنکردنی مافەکانی پێکهاتەکان.

ئەمەش هەندێ مەترسی و دەرفەتی تێدا هەیە:

- مەترسیی شکستی دانوستان و لاوازیی دڵنیایی نێودەوڵەتی، ئەمەش دانوستان دەگەیەنێتە حاڵەتی بنبەستی سیاسی.

- دەرفەتێکە بۆ دامەزراندنی نموونەیەکی نوێی حوکمڕانی، کە جیاوازە و یەکێتیی نیشتمانی و گەشەسەندن بەهێز دەکات.

**سیناریۆی دووەم**: سازانی ئەمنی و کارگێڕیی سنووردار لە پێویستی بە ڕێککەوتنە بۆ چارەسەرکردنی بابەتی کارگێڕی و ئەمنی، وەک تۆماری مەدەنی، پاسپۆرت، پەروەردە و کۆنترۆڵی سنوور. ئەمەش دەبێتەهۆی سەقامگیریی ناوخۆیی کاتی و چاکسازیی کۆمەڵگەیی شانبەشانی بونیادنانی نزیکبوونەوەی پێبەپێی سیاسی.

مەترسی و دەرفەتەکانی بەردەم ئەم سیناریۆیە بریتین لە:

- مەترسیی نەمنی و بوونی متمانە، یان ڕێگری لە لێکتێگەیشتن لەلایەن هەندێ لایەنی خۆجێییەوە.

- دەرفەتێکە بۆ دروستکردنی متمانەیەکی لەسەرخۆ و، ڕێخۆشکردن بۆ گفتوگۆیەکی سیاسیی بەرفراوانتر.

**سیناریۆی سێیەم**: بەردەوامیی چەقبەستوویی سنوورەکان شانبەشانی ئەگەری ململانێیەکی سنووردار، کە دەبێتە مایەی نەبوونی هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی، شانبەشانی خۆلادان لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی گەورە لەنێوان هەسەدە و حکومەتدا.

لێکەوتەکانی ئەمە دەبنە هۆی بەردەوامیی دۆخی گرژی و ناسەقامگیری و، کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەپێدان و زیادبوونی وتاری دژبەیەک.

مەترسی و دەرفەتەکانی ئەم سیناریۆیە:

- لێکترازانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و ئەگەری ململانێی لەناکاوی سەربازی.

- دەرفەتێکە بۆ لێکتێگەیشتنی خۆجێی و بەهێزکردنی کەناڵە دیپلۆماسییەکان بۆ پاراستنی لانی کەمی سەقامگیری.